# پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

ناوی کتێب: سێگۆشەی گڕگرتوو - ئەفغانستان – پاکستان – هندستان
بابەت: توێژینەوەی سیاسی
ناوی نووسەر: ولیام داریمپڵ
وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵلا کەریم
هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر
دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ :1000دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 3000 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1036)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (103)

تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی

# سێگۆشەی گڕگرتوو

## ئەفغانستان – پاکستان – هندستان

ولیام داریمپڵ
وەرگێڕانی: سابیر عەبدوڵڵا کەریم

# پێڕست


پرۆژەی توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟....................................................7
تاکە رزگاربووەکە.........................................................................9
ململانێی هندستان – پاکستان لەسەر ئەفغانستان.........................13
دوو دەوڵەتە جمکەکە..................................................................25
یانزەی سێپتەمبەر هەموو شتێکی گۆڕی........................................30
ئەفغانستانی دوای قۆناغی ئەمەریکی............................................39
کورتەیەك دەربارەی نوسەر............................................................48

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رووداو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابوورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

رووداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە روودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابووری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر.

لە ماوەی سەد ساڵی رابــردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نــەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی ســاردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانــە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فرۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە

رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکی ماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بـەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کـوردە بەو روداوانــەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## تاکە رزگاربووەکە

کاتژمێر شەشی سەرلەبەیانی رۆژی 26ی شوباتی ساڵی 2010، رائید (میتالی مادومیتا)ی تەمەن 35 ساڵ بە لێدانی زەنگی مۆبایلەکەی لە خەو هەستا. میتالی، کە ئەفسەرێکی سوپای هندستانە و خەڵکی ئۆریسایە، کەمتر لە ساڵێکی ژیانی لە کابوڵ بەسەربردووە. ئەو رویکردبووە کابوڵ چونکە زمانی داریی (Dari) باش دەزانێت، ئەو زمانەی زۆرینەی ئەفغانییەکان قسەی پێدەکەن، بەڵام مەبەستی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی بوو بە یەکەم گروپی ئەو ئافرەتانەی پاڵێوراو بوون بۆ پەیوەندیکردن بە سوپای نیشتمانی ئەفغانستان.

ئەرکەکەی هەستیار بوو، نەك لەبەر هۆکاری جێندەری (نێر یان مێ)، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە کێشەی سیاسیە، چونکە هندستان، رکابەری هەرێمیی هندستان دەربـارەی یارمەتیە سەربازییەکانی هندستان بۆ حکومەتی ئەفغانستان زۆر هەستیار بـووە، بۆیە بە تەواوەتی روونیکردۆتەوە کە هەبوونی هەر سەربازێك یان راهێنەرێکی هندی بە سوکایەتی پێکردنێکی قبوڵنەکراو دەزانێت. لەبەر ئەم هۆیەش، هەموو کەسێك لەو تیمە بچوکەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی سەر بە سوپای هندستان، لە نێوانیشیاند میتالی، لەگەڵ هەموو پزیشك و پەرستارو کارمەندەکانی نەخۆشخانەی منداڵانی نوێی ئەندێرا غاندی لە کابوڵ، بێچەك و بە جلوبەرگی مەدەنیەوە رەوانەی ئەفغانستان کران. ئەوان لە شوێنی سەربازی یان لە باڵیۆزخانەی هندستان نیشتەجێ نەبوون، بەڵکو نێردران بۆ چەند خانوویەکی میوانداری بچووك، کە لە دەوروبەری ناوچەی دیپلۆماسی شارەکە درووستکراون.

پەیوەندییە تەلەفۆنیەکە لەو هاورێ کچەی میتالیەوە بوو، کە لە هێڵی ئاسمانی هندستان لە فرۆکەخانەی کابوڵ کاریدەکرد. ئەو بە هەناسەسوارییەوە پێیوت: هەر ئێستا گوێی لێبووە کە چەند چەکدارێك هێرشییانکردۆتە سەر دووماڵی میوانداری هندییەکان،

ئەوانە ماڵی (پارك) و (حامید)ە. لەبەر ئەوەی کە میتالی تاکە ژنی ناو تیمەکەی بوو، بۆیە بە تەنها لەناو خانوویەکدا بوو، کە دوو میل لە ماڵی ئەو هاوڕێیانەیەوە دوور بوو، کە لەناو خانووی حامید دەژییان. میتالی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا جلەکانی لەبەرکرد بەو حیجابەشەوە کە ناچاربوو لە ئەفغانستان بیپۆشێت، یەکسەر بە تەنها و بەبێ چەك بەو بەیانیە بەناو ڕێگە چۆڵەکانی کابوڵدا بەرەو ماڵی حامید رایکرد. بەمدواییانە لە نیودەلهی پێیوتم: «وامدەزانی ئەوان زۆر پێویستییان بە یارمەتی منە».

کاتێك میتالی بە خێرایی لەبەردەم باڵیۆزخانەی هندستان پەڕییەوە، یەکێك لە پاسەوانەکانی ئاسایشی دیپلۆماسی ناسیەوە و هاواری بەسەردا کرد تا بوەستێت، بەڵکو پێی راگەیاند کە بارودۆخ لە ناوچەی چواردەوری خانووەکانی میوانداری ئاڵۆزو شێواوە، داواشی لێکرد بە تەنیا بە ڕێگەدا نەڕوات و یەکسەر بگەڕێتەوە بۆ خانووەکەی خۆی و لەوێ بمێنێتەوە. میتالی بە هاوارێکەوە وەڵامی پاسەوانەکەی دایەوە وتی: «من پێویستم بەوە نییە مۆڵەت لە تۆ وەربگرم تاکو بچم بۆ فریاکەوتنی هاوڕێکانم». میتالی بە خێرایی ملی ڕێگەی گرت، کاتێك لە کۆمەڵگەی سەرۆکایەتی تێپەڕبوو، ئەمجارەیان لەژێر بەکارهێنانی هەڕەشەی چەك لەلایەن یەکێك لە پاسەوانەکانی خاڵێکی پشکنینی سوپای ئەفغانیەوە راگیرا. لە دوای پێنج خولەك، توانی یەکێك لە پاسەوانەکان رازیبکات بیگەیەنەتە لای ئۆتۆمبێلە سەربازیەکەی، لەو کاتەدا هەموو گوێیان لە دەنگی چەندین تەقە بوو لە چەند چەکێکی ئۆتۆماتیکیەوە، بەدوایدا دەنگی چەند تەقینەوەیەك هات بەهۆی تەقینی بۆمبەوە.

«لەگەڵ نزیکبوونەوەمان لەو ناوچەیەی کە رووبەڕووی پەلاماردان بۆوە، لە ئۆتۆمبێلەکە خۆم هەڵدا و راستەوخۆ بەرەو داروپەردووی ماڵەکەی حامید رامکرد. خەریکبوو هەتاو دەکەوتو

دنیا روناکدەبۆوە، بەڵام بەهۆی ئەو هەموو تەپوتۆز و دوکەڵەی شوێنەکەی داپۆشی، ئاستی بینین زۆر کەمبوو بە ئاسانی نەتدەتوانی هەموو شتێك ببینیت. بەشی پێشەوەی خانووەکە بە تەواوەتی وێرانبوو، جگە لە چاڵێکی زۆر گەورە هیچی تر نەدەبینرا، چونکە هەموو شتێك وێران و ببووە داروپەردوو. تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو دەرگای پێشەوەی کۆمەڵگەکەی هەڵتەکاندبوو. پاشان سێ چەکدار دەرکەوتن و دەستیانکرد بە تەقەکردن لە هەر شتێك کە بە زیندوویی بیانبینیبا. من لەو کاتەدا تەنها وتم «ئای خوایە گیان»، دواتر بەرەو ناو خانووەکە رامکرد. بەناو دوکەڵی تەقینەوەکەدا تێپەڕیم بەرەو پشتەوەی خانووەکە، کە هاوڕێکانم تیایدا دەحەوانەوە. لەوێ هێشتا دیوارەکان بە پێوە بوون، بەڵام سەقفی خانووەکە بەهۆی تەقینەوەکەوە هاتبووە خوارەوە و بە تەواوەتی پارچە پارچە ببوو. لە دەوروبەری من لە هەموو شوێنێکەوە دەنگی تەقەکردن دەهات و چەکدارەکان بۆمبی سوتێنەرییان لە درووستکراوی چین هەڵدەدا. چەند سەربازێکی ئەفغانیش لە شەقامەکەی ئەوبەرەوە چووبوونە سەربانی ماڵەکەی (پـارك) و بە تەقە وەڵامـی تەقەکەرەکانیان دەدایەوە. نەمتوانی دەموچاوی چەکدارەکان ببینم، بەڵام لە نزیکمەوە لە شوێنێك خۆیان حەشاردابوو».

«بەوپەڕی هێواشی و بە دەنگێکی نزمەوە بانگی هاوڕێکانم کردو چووم بۆ لای ژوورەکانیان، بەڵام لە هیچ جێگەیەم ئەوانم نەدۆزییەوە، لەناو داروپـەردووی خانووە روخاوەکە بۆیان دەگەڕام، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت دەستمکرد بە راکێشانی تەرمی کوژراوەکان. پیاوێك لە تاریکیدا هاواریکرد، منیش بانگمکرد تاکو خۆی بناسێنێت، بەڵام تیرۆریست نەبوو، بەڵکو ئەفسەری هەواڵگری باڵیۆزخانەی هندستان بوو هات بۆ یارمەتیدانم، پێکەوە توانیمان چەند کەسێکی بریندار رزگار بکەین و لەژێر داروپەردووەکان دەرمانهێنان و بردمانە شوێنێکی

ئارام. پاشان گوێمان لە دەنگی تەقینەوەیەکی سامناك بوو، پاشان بۆمان دەرکەوت کە رائید جیوتن سینگ پەلاماری کەسێکی خۆکوژی داو لە پشتەوە گرتی و نەیهێشت بچێتە ناومالّی (پارك)، ئەوەبوو خۆکوژەکە ناچاربوو لە دەرەوە خۆی بتەقێنێتەوە. رائید جیوتن توانی ژیانی هەموو ئەو تیمە پزیشکیە رزگار بکات، کە لە ناوەوە بوون. تەنها کە لە هاوڕێکانم کە یەکسەر بەهۆی تەقینەوەکەوە نەکوژرا رائید (نیتیچ رۆی) بوو، کە لە دوای (3) رۆژ بەهۆی کاریگەری سوتانی لەشیەوە کە 40%ی سوتابوو لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. من تەنها کەسێك بووم لە ئەندامانی تیمەکەم کە بە زیندوویی گەڕامەوە».

بە گشتی لەو پەلامارەی ئەو بەیانیە ئەنجامدرا (18) کەس کوژران، لە نێوانیاندا (9) کەسیان هندستانی بوون، هەروەها (36) کەسیش بریندار بوون. تەرمی کونسولّی گشتی کونسولّخانەی نوێی هندستان لە قەندەهار لەژێر داروپـەردوودا دۆزرایـەوە. ئەو کونسولّخانەیە بە تایبەتی ببووە سەرچاوەی نیگەرانی زۆری پاکستانییەکان، کە بەوە تۆمەتبارییان دەکرد گوایا کراوەتە بنکەی دەزگای (توێژینەوە و شیکاری، واتە دەزگایەکی سەر بە ئاژانسی هەواڵگری دەرەکی هندستان. پاکستانییەکان پێیانوابوو ئەو دەزگایە یارمەتی و کۆمەکی یاخیبوون دەکات لە بلوچستان، جگە لەوەش هانیدەدات و پڕچەکی دەکات. بلوشستان ئەو هەرێمەیە کە لەدوای راگەیاندنی لکاندنی بە خاکی پاکستانەوە لە ساڵی 1947دا، ململانێیەکی جوداخوازی دەستپێکرد لە پێناو جیابوونەوەی لە دەوڵەتی نوێی پاکستان. ئاشکراکردنی پاڵنەرو هۆکاری ئەو پەلاماردانە کارێکی قورس نەبوو، چونکە هەرزوو ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا و ئەفغانستان شوێنپێی سەرەداوەکانی پرۆسەکەیان هەڵگرت و گەیشتنە ئەوەی کە پەلامارەکە پیلانێکی هاوبەشی نێوان رێکخراوی حەققانی بە سەرکردایەتی جەلالەدین حەققانی و رێکخراوی لەشکر تیبە (سوپای

چاکسازی) بووه، کە گروپێکی دژ بە هندستان بوو بارەگاکەی لەناو پاکستان بوو، لە ساڵی 2008دا چەند پەلامارێکی بۆسەر ئوتێل (تاج) و چەند ئامانجێکی تر لە مۆمبای ئەنجامداوە. رێکخراوی (حەققانی) یش لەژێر فەرمان و قەڵەمڕەوی حکومەتی پاکستاندا کاری دەکرد و بریتیبوو لە کۆمەڵێك گروپی چەکداریی سەر بە بزووتنەوەی تاڵیبان. وا پێشبینی دەکرێت کە هـەردوو رێکخراوەکە لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری پاکستانەوە فەرمانیان پێدەکرێت، لە کاتێکدا پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتەدا هەیە. پاکستان بە ئاشکرایی هیچ کۆمێنتێکی لەسەر ئەو پەلاماردانە نەبوو، بەڵام رێگەی بەو فڕۆکانە نەدا کە تەرمی قوربانییەکانیان بەرەو هندستان گواستەوە، تاکو بەسەر ئاسمانی وڵاتەکەیدا تێپەڕن.

## ململانێی هندستان - پاکستان لەسەر ئەفغانستان


هێرشەکەی شوباتی 2010 بۆ سەر خانەی میوانداری هندستان لە کابوڵ، کارێکی دوژمنکارانەی ئاشکرا و دەگمەنە لە مێژووی ململانێ شاراوەکانی نێوان هندستان - پاکستان، ئەو ململانێیانەی کە زیاتر لە (60) ساڵە درێژەیان هەیە و بە شێوە پچڕ پچڕ بەردەوامە، ئەمە لە کاتێکدایە ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر پێگە و دەسەڵاتیان لە ئەفغانستان کێبڕکێ دەکەن. (15) مانگ لەپێش پەلامارەکە، واتە لە 8ی تشرینی یەکەمی 2009، تەقینەوەیەکی گەورەی ئۆتومبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی هندستان لە کابوڵ رویدا و کوژرانی (17) کەس و برینداربوونی (63)ی تری لێکەوتەوە. زۆربـەی کـوژراوەکـان هاوڵاتیانی ئاسایی ئەفغانی بـوون، کە بە رێککەوت لەو شوێنە بەئامانجکراوە بوون. لە نێو بریندارەکاندا ژمارەیەك لە ئەندامانی پارێزگاری و ئاسایشی هندی هەبوون، بەڵام دیوارەکانی باڵیۆزخانەکە کە دژی کاریگەری تەقینەوە دروستکراون،

بە تایبەتی لە دوای ئەنجامدانی تەقینەوەیەکی خوێناویتر لە هەمان شوێندا، کە کوژرانی (40) کەس و برینداربوونی (100) کەسی تری لێکەوتەوە. وا پێدەزانرێت ئەو تەقینەوەیە بە سەرپەرشتی پاکستان ئەنجامدراوە لە دژی بەرژەوەندییەکانی هندستان لەو وڵاتە. لە بارەی تەقینەوەکەی ساڵی 2009، چەند لێپرسراوێکی ئەمەریکی هەندێك وردەکارییان راگەیاند سەبارەت بە راگرتن و رێگریکردن لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، کە بەپێی قسەی ئەوان تێوەگلانی ئاژانسی هەواڵگری پاکستانی لەو تەقینەوەیەدا دەسەلماند.


ناحەزی و ناکۆکی نێوان هندستان و پاکستان لە بۆتەی شەڕی ئێستای ناو ئەفغانستان خۆی دەبینێتەوە. زۆربـەی چاودێرانی خۆرئاوایی بە شێوەیەك لە کێشەی ئەفغانستان دەڕوانن، کە شەڕێکە لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هێزی یارمەتی و ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی لە ئەفغانستان (ISSAF) بە سەرکردایەتی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) لەلایەك و نێوان رێکخراوی قاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیبان لەلایەکی ترەوە دروستبووە. لە راستیدا، ئەو بارودۆخە دەمێکە وەکخۆی نەماوەتەوە، چونکە ئێستا هێزەکانمان بە شەڕێکی ئاڵۆزەوە گیرییان خـواردووە، کە بەهۆی دوو ناکۆکی هاوپەیوەندیدار و کۆنەوە هەڵگیرساوە: یەکێکیان ناکۆکی ناوخۆییە، ئەویتریشیان ناکۆکی هەرێمییە.

بە شێوەیەکی سەرەکی لەناو ئەفغانستان بە چاوی یاخیبوونی پەشتۆنەکان لە دژی رژێمی حامید کارزای تەماشای شەڕەکە دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو رژێمە رێگەیداوە (3) گروپی ئیتنی دیکە (تاجیك) و (ئۆزبەك) و (هـەزارە)کـان لە باکوری ئەفغانستان بڵاوببنەوە، تا ئەندازەیەك بووەتە هۆی بێزاری و تورەبوونی پەشتۆنەکان. بۆ نموونە، سەرەڕای ئەوەی تاجیکەکان 27%ی کۆی ژمارەی دانیشتوانی ئەفغانستان پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا رێـژەی 70%ی ژمارەی


رێژەی پێکهاتەی دانیشتوانی ئەفغانستان




ئەندامانی وێلسی جەرگە (ئەنجومەنی نیشتیمانی)





ئەندامانی میشرانۆ جەرگە (ئەنجومەنی دەسەڵات)




## خشتەی ئامارە ئابورییەکان و ئاستی بژێوی ئەفغانییەکان لە سەردەمی حامید کارزای


بەرهەمی ناوخۆ (ملیار دۆلار)





بەکارهێنەرانی تەلەفۆن (ملیۆن)




بەرهەمی کارەبا (مێگاوات)




رێژەی خوێندکارانی نێر ومێ قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی (ملیۆن)



ئەفسەرانی ناو سوپای ئەفغانستان پێکدەهێنن. سەرەڕای ئەوەی خودی حامید کارزای لە نەتەوەی پەشتۆنە، زۆرینەی رۆڵەکانی خێڵەکەی لەو بڕوایەدان بوونی ئەو جگە لە واجیهەیەك بۆ دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، کە لە دوای روخانی دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبانی پەشتۆنی لە ساڵی 2001 بەرجەستەیکرد، هیچی تر نییە.

لەو سەردەمەوە کە لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەوە سنورەکانی ئەو دەوڵەتەی ئێستای ئەفغانستان دیاریکران، پەشتۆنەکان دەسەڵاتی سیاسی ئەفغانستانیان گرتووەتە دەست. بەهۆی لایەنگریکردنی تاجیکەکان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە بۆ سەپاندنی قەڵەمڕەوییان لە هەرێمەکانی باکور لە دژی پەشتۆنەکان لە باشور، ئەمەریکا خۆی بینیەوە کە هاوکاری هێزە عەلمانییەکانی ئەفغانستان دەکات لە دژی هێزە ئیسلامیە چەکدارەکان، بەڵام بەبێ مەبەست ئەمەریکا پاڵیدایە یەکێك لە لایەنە بەشداربووەکانی شەڕێکی ئاڵۆزی ناوخۆ، کە لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە درێژەی هەیە و رەگی بۆ ماوەیەکی زۆر پێشتر دەگەڕێتەوە. تاکو ئەمڕۆش، لەبەر ئەوەی پەشتۆنەکان هەستدەکەن کەوتوونەتە ژێر رکێفی دوژمنەکانی رابردوویان، بۆیە بەشێکی زۆرییان پشتیوانی بزووتنەوەی تاڵیبان دەکەن یان لانیکەم وا هەستدەکەن سۆز و وابەستەییان بۆی هەیە. لەو ناکۆکی و ململانێیەدا فاکتەرێکی پەشتۆنی کۆنی ناوخۆیی تر بوونی هەیە، کە پێکهاتەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان لە هۆزی (ئیشکزای) و هەندێك لە هۆزەکانی (نورزای) و (ئەخاکزای) و زۆربەی هۆزەکانی (گلزائی)، بە تایبەتیش (هۆتاك و توخی گلزائی)، لە بەرامبەر هۆزەکانی (درانی)ی پەشتۆنی دادەنێت، کە زیاتر بەدامەزراوەیی کراون، وەك هۆزەکانی: برکزای و بوبلزی و عەلی کۆزی.

لەپشت ئەو ناکۆکیە رەگداکوتاوە، دوژمنایەتیەکی زۆر

مەترسیدارتر لە نێوان دوو هێزی هەرێمیدا خۆی مەڵاسداوە، کە هەریەکەیان خاوەنی چەکی ئەتۆمی (ناوکی)یە، واتە هندستان و پاکستان. رکابەری و کێبڕکێی نێوان ئەم دوو هێزە بۆی هەیە بە تایبەتی قەبەتر ببێت، لەبەر ئەوەی هەردووکیان هەوڵدەدەن بۆ گرتنەدەستی جڵەوی قەڵەمڕەوی لە ئەفغانستان. بە بەراورد لەگەڵ ئەو ململانێ و کێبڕکێ دوورو درێژو خوێناوییەی هەیە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و هێزی (ISSAF) رۆڵێکی بچوك و رێژەیی دەگێڕن، بەڵام بە پێچەوانەی هندەکان و پاکستانییەکانەوە هەنگاو دەنێن بە ئاراستەی دەرچوون و دەربازبوونیان لەو ململانێیە. لەوەتای نیوەکیشوەری هندستان لە ساڵی 1947وە دابەشکراوە، هندستان و پاکستان (3) شەڕییان کردووە، کە دواترینیان لە ساڵی 1971 بوو، بەڵام ئەو دوو وڵاتە لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی 1999دا کەوتنە رکابەری و هەڵکشانی ململانێی ئەتۆمی، کاتێك هێزەکانی پاکستان سنوری هێڵی رێککەوتنیان بەزاند و رووبەری (500) میلیان لە زەوییەکانی هندستان لە ناوچەی کشمیر داگیرکرد، جگە لە دەستبەسەرداگرتنی ناوەندێکی سنوری لە هیمالایا کە دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی کارگیل. هاوکات لەگەڵ زیادبوون و هەڵکشانی ئاڵۆزییەکانی نێوانیان، پاکستان چەند هەنگاوێکی شەڕانگێزی پەیوەندیدار بە تواناو هێزی ئەتۆمی هەڵێنا. بیل کلینتۆن، سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا لە دوای دانوستانی چڕ لە (بلیر هاوس)ی واشنتۆن لە ماوەی پشووی کۆتایی هەفتە لە 4ی تەمووزی 1999 کەوتە ناوبژیوانی لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکدا.

کلینتۆن توانی سەرۆك وەزیرانی پاکستان (نەواز شەریف) رازیبکات تا فەرمان بە هێزەکانی وڵاتەکەی بکات بگەڕێنەوە بۆ ئاستی هێڵی رێککەوتنی نێوانیان، بەڵام ئەو دەستبەرداربوونە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی شەریف پۆستەکەی لەدەستبدات، بەڵکو خەریکبوو باجەکەی بە ژیانی بدات. پەروێز موشەڕەف، فەرماندەی سوپای پاکستان لەو

کاتەدا هەستا بە ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازی و فەرمانیدا بە لەسێداردانی نەواز شەریف، بەڵام کلینتۆن تەدەخولی لە بابەتەکەدا کرد و نەواز بۆ شانشینی عەرەبستانی سعودیە دوورخرایەوە.

تێگەیشتنی هۆکاری هەستکردنی پاکستان بە لەدەستدانی ئارامی و سەقامگیری کارێکی ئاسانە، چونکە ژمارەی دانیشتوانی هندستان کە دەگاتە (1.2) ملیار کەس و تێکڕای گشتی توانای ئابوری و قەبارەی داهاتی ناوخۆی دەگاتە (1.4) ترلیۆن دۆلار، بەو شێوەیەش تواناکانی دەکاتە (8) جار بەرامبەر تواناکانی پاکستان، کە ژمارەی دانیشتوانی (180) ملیۆن کەس و قەبارەی داهاتی ناوخۆی دەگاتە تەنها (210) ملیار دۆلار. لەو ماوەیەی کە هندستان زۆرترین گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە لە نێوان (2006 – 2010). تەنها لە ماوەی (4) ساڵدا زیادبوونی گەشەی ئابوری هندستان نزیکبۆوە لە قەبارەی هەموو ئابوری پاکستان. سەبارەت بە جیهان، هیچ کاتێك ئەو جیاوازیە گەورەیەی نێوان ئەو دوو وڵاتە وەکو ئێستا بە روونی دەرنەکەوتووە: وڵاتێك بە چاوی زلهێزی داهاتووی جیهان تەماشای دەکرێت، کە بە بلیمەتی بواری پرۆگرامساز، ژنە شۆخ و شەنگەکانی بۆلیود، ئابوریە زۆر خێرا گەشەکردووەکەی و زۆری دەوڵەمەندە بێئەندازەکانی بەناوبانگە. بەڵام پاکستان وەك دەوڵەتێکی شکستخواردو، ناوەندی توندڕەوەی ئیسلامی، حەشارگەی ئوسامە بن لادن پۆلێنکراوە و تاکە هاوپەیمانە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئاسمانی دەبەزێنێت و بە شێوەیەکی دەوری گوندو دێهاتەکانی بۆردومان دەکات. ئەم وێنا نابەرامبەرە هەرچۆن و هەرچیەك بێت، بەڵام شتێکی سەرسوڕهێن نییە کە زۆرێـك لە پاکستانییەکان ئەو دراوسـێ زەبەللاحەیان بە هەڕەشە لەسەر بوونی دەوڵەتەکەیان دەزانن.

دەمێکە پلاندارێژە پاکستانییەکان ئامرازەکانی بەرگریکردنیان لە خۆیان، واتە مەزهەبە (قووڵایی ستراتیژی)یان گەشەپێداوە. بناغەی ئەو

بیرۆکەیە بۆ ساڵی 1971 دەگەڕێتەوە، کاتێك هندستان لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا لە سێیەم شەڕییاندا توانی پاکستان تێکبشکێنێت. ئەو ناکۆکیە بە جیابوونەوەی پاکستانی خۆرهەڵات کۆتایی پێهات، دوایئەوەی لە دژی پاکستانی خۆرئاوا راپەڕینی کرد و دەوڵەتی سەربەخۆی بەنگلادیشی راگەیاند. بەپێی گێڕانەوە پاکستانییەکان، بڕینی پەلوپۆی وڵاتەکەیان، کە هندستانی لەسەر تۆمەتبار دەکەن، بووەتە هۆی زیادبوونی گرنگی درووستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەفغانستان و پارێزگاری لێکردنی ئەو پەیوەندییانە، هۆکاری ئەوەش تا ئەندازەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ دابینکردنی پەناگەیەکی ئارام لە کاتێکدا ئەگەر لە ئایندەدا شەڕێکی تر لەگەڵ هندستان بەرپا ببێت. هەبوونی سنورێکی شلوشاو و ناتوندوتۆڵ رێگەیەکە بەهۆیەوە سەرکردە پاکستانییەکان و هێزە چەکدارەکانی پاکستان و دامودەزگا تۆکمەکانی تری ئەو وڵاتە، لە نێوانیشیاندا دەزگای چەکی ئەتۆم، دەتوانن لێوەی پاشەکشە بکەن بەرەو باکوری خۆرئاوای پاکستان لە کاتی رودانی پەلامارێکی هندی. لە پێناو سەرخستنی بیرۆکەکەدا، پێویستدەکات حکومەتی ئەفغانستان ببێتە هاوپەیمانێکی نزیك لە پاکستان، هەروەها ئامادەش بێت بۆ یارمەتیدانی لە بەگژداچوونەوەی هندستان. کاتێك بزووتنەوەی تاڵیبان دەسەڵاتی لەدەستدا بوو، وەکو شەریك و هاوپەیمانێکی نموونەیی سوپای پاکستان لێی دەڕوانرا. سەرەڕای ئەوەی خۆرئاوا وەك بزووتنەوەیەکی سەدەکانی ناوەراست تەماشای تاڵیبان دەکات، ئەگەر وەك بزووتنەوەیەکی دڕندەئاساش لێی نەڕوانێت، بەڵام رژێمی تاڵیبان بەلای پاکستانەوە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو لەبەر دژایەتیە توندو بەهێزەکەی بەرامبەر هندستان، پاشان بەهۆی ئەو هەڵوێستانەیەوە چەك و یارمەتییەکانی پاکستانی بەدەستهێنا.

دوایئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە پاش ئەنجامدانی

هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 رژێمی تاڵیبانی لە ئەفغانستان روخاند، گۆڕانکارییەکی ستراتیژی رویـدا. حکومەتی ئەفغانستان بووە هاوپەیمانی هندستان، بەوەش بووە مایەی ترس و نیگەرانی پاکستانییەکان. حامید کارزای سەرۆکی ئەفغانستان لە دوای کۆتاییهێنان بە رژێمی تاڵیبان، رقی زۆری لە پاکستان هەڵگرتبوو، هۆکاری ئەوەش بە سانایی ئەوەبوو، کە لەو بروایەدا بوو ئاژانسی هەواڵگری پاکستان یارمەتیدەر بووە لە تیرۆرکردنی باوکی لە ساڵی 1999. لە هەمانکاتیشدا هەستی بە وابەستەیی و پەیوەندییەکی بەهێز دەکرد لەگەڵ هندستان، دوایئەوەی لە یەکێك لە زانکۆکانی هندستان لە شاری سیملای هیمالایا خوێندوویەتی، ئەو شارەی رۆژێك لە رۆژان پایتەختی هاوینەی هندی بەریتانی بووە. سەرەتای ئاداری 2003 کاتێك لە کابوڵ چاوپێکەوتنم لەگەڵ کارزای کرد، بە گرنگیەوە باسی رۆژگارەکانی خۆی لە سیملا دەکرد و بە خۆشترین رۆژەکانی ژیانی دەیدایە قەڵەم، لەو کاتەدا خەریکبوو فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە، کاتێك باسی بارینی بارانی وەرزی دەکرد، کە بە گوێسەبانەی خانووی خوێندکارەکاندا دەهاتە خــوارەوە، جگە لە باسکردنی دیمەنی جوانی هەورەکان کاتێك بە تەنیشت پەنجەرەی خانووی خوێندکارەکاندا تێدەپەڕی. هەروەها باسی خۆشی خواردەمەنی هندی و سەرسوڕمانی بە فیلمە هندییەکان بۆ کردم. کارزای وەك دەوڵەتێکی دیموکراتی و سەقامگیر و دەوڵەمەند تەماشای هندستان دەکات، واتە چاکترین شەریکی ئەفغانستان، یان «هاوڕێ باشەکە»، کە راهاتبوو بەو شێوەیە وەسفی بکات.

بە بوونی کارزای لە دەسەڵاتدا لە ئەفغانستان، هندستان توانی دەرفەتەکە بقۆزێتەوە لە پێناو زیادکردنی کاریگەرییە سیاسی و ئابورییەکانی لە ئەفغانستان، توانی یارمەتی سەرەکی دابینبکات بە مەبەستی بونیاتنانەوەی ئەفغانستان کە بەهاکەی بە نزیکەی

1.5 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت، جگە لە (500) ملیۆن دۆلار، کە هندستان بەڵێنیداوە لە مـاوەی ساڵانی داهاتوودا بیدات بە ئەفغانستان. لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی پێگەی هندستان لە ئەفغانستان تا ئێستا لە ئاستێکی سنورداردایە. بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی دیپلۆماسی هندی، نزیکەی (3600) هندستانی لەناو ئەفغانستان هەن، زۆرینەیان پیاوانی خاوەنکار و ئەو کرێکارانەن کە بە گرێبەست لە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پەیوەندیکردن و پیشەسازی و بەکانزاکردن کاردەکەن. تەنها (10) دیپلۆماتکاری هندی لە ئەفغانستانن، ئەمەش بە بـەراورد لەگەڵ (140) بەرپرس لە باڵیۆزخانەی بەریتانیان و (1200) دیپلۆماتکار لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە کابوڵ، ژمارەیەکی زۆر کەمە. سوپای پاکستان، کە بە شێوەیەکی کاریگەر سیاسەتی دەرەوەی پاکستان بەڕێوە دەبات، بەڵام بە گومانە دەربارەی بوونی هندستان لەو وڵاتەدا ئەگەر بەو ژمارە کەمەش بێت، چونکە ئەفغانستان بە گۆڕەپانی ستراتیژیی پشتەوەی خۆیان دەزانن، هەروەك چۆن ئینگلیزەکان لە سەردەمی (گەمە گەورەکە)دا بەگومان بوون سەبارەت بە بوونی روسەکان لەناو ئەفغانستان.

بەلای سوپای پاکستانەوە، هندستان بەو هەڕەشە سەرەکیە دادەنرێت، کە بووەتە پێشەنگی هەموو ئامانجە جیۆسیاسی و ئابورییەکانی تر. ترسی پاکستان گەیشتۆتە ئەو ئەندازەیەی بکەوێتە نێوان دوولای بەرداشی هندستان، ئەوەش پاڵی بە ئاژانسی هەواڵگری پاکستانیەوە نا چەند رێکارێك بگرێتەبەر کە دواجار ئاسایشی ناوخۆی پاکستان و پەیوەندییەکانی بە هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی، واتە (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا)ی خستە مەترسییەوە. لە کاتی جیاوازی دوایین دەیەدا، ئاژانسی هەواڵگری پاکستان هەوڵیداوە بزووتنەوەی تاڵیبان بگەڕێنێتەوە دەسەڵات لە ئەفغانستان بۆ ئەوەی حوکمی کارزای بڕوخێت، پاشان بتوانێت خۆی لە هاوڕێ هندییەکانی

رزگار بکات. بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، سوپای پاکستان پشتی بەستووە بە گرتنەبەری شێوازی (شەڕی نابەرامبەری)، یان شەڕی نانیزامی، ئەوەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی جیهادییەکان بۆ خزمەتی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانی. ئەم ستراتیژە بۆ (30) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، چونکە هەر لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەوە، ئاژانسی هەواڵگری پاکستان بە هۆشیاری و وریاییەوە کاریکردووە بۆ یارمەتیدان و سپۆنسەرکردنی گروپە ئیسلامیە توندڕەوە جۆراوجۆرەکان و لە ئامێزگرتنیان. ڕۆژنامەنوسی پاکستانی (ئەحمەد ڕەشید) ئاماژەی بۆ دەکات، کە زیاتر لە (40) گروپی توندڕەوی ئایینی لە پاکستان کاردەکەن، ژمارەیەکی زۆری ئەو گروپانە خاوەنی پەیوەندی بەهێزن لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری پاکستان و حزبە سیاسیە ئیسلامیە لۆکاڵییەکاندا.

ژەنراڵە پاکستانییەکان بە شێوەیەکی بەردەوام چەکدارە جیهادییەکان بە ئامرازێکی کاریگەر دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا کە دەکرێت بوونیان ڕەتبکرێتەوە یان بشاردرێتەوە، ئەوەش لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ڕوداوەکانی ئەفغانستان. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی کابوڵ لەلایەن تاڵیبانەوە لە ساڵی 1996، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئەو مەبەستەی ژەنراڵەکان هاتەدی. بە هەمان شێوازیش پاکستانییەکان لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی یاخیبوونی جوداخوازی لە ساڵی 1990دا، بەشێکی گەورەی سوپای هندستانیان لەناو زۆنگاوی کشمیردا خنکاند. ژەنراڵەکانی ناو سوپای پاکستان دەخوازن جیهادییەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەرامەکانیان بەکاربێنن، چونکە ئەو کارە یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی هەستی ناسیۆنالیستی بونیاتنراو لەسەر دوو ئامانج: (ڕقلێبوونەوە لە هندستان) و (وابەستەبوونی بەهێزی ناسنامەی ئیسلامی). ڕێژەی ئەو پاکستانییانەی لایەنگری ئەم ستراتیژە دەکەن، لەگەڵ ڕێژەی ئەوانەی کە گومانی لێدەکەن، ڕوون نییە، بەڵام

ئاشكرایە كە لەناو سوپای پاكستان كەسانێك هەن هەست بە نیگەرانی دەكەن لە هەمبەر ئاست و قەبارەی ئەو توندوتیژیە تائیفی و سیاسیەی جیهادییەكان هێناوییانە بۆ پاكستان. هەرچەندە ئەو تێڕوانینە لەلایەن هەندێك لە سەركردەكانی سوپا و ئاژانسی هەواڵگری پاكستانەوە بەدرۆ دەخرێتەوە، بە تایبەتی لەلایەن ئەوانەوە كە هێشتا باوەڕییانوایە جیهادییەكان نوێنەرایەتی ئامرازێكی بەرگریكاریی دەكەن، تەنانەت لە چەكی ئەتۆمی كاریگەرتریش لە دژی هەژموون و دەسەڵاتی هندستان. بە بۆچوونی ئەوان پاڵپشتیكردن و یارمەتیدانی ئەو جیهادییانەی كە لە ئەفغانستان بە وردی هەڵبژێردراون، بە ستراتیژێكی سەرەكی بۆ مانەوە دادەنرێت، ستراتیژێك كە شایەنی سەركێشی كردنە.

فەریقی یەكەم (ئەشفەق پەروێز كیانی)، فەرماندەی گشتی سوپای پاكستان، بەو بەرەیەدا گوزەری كردووە. كیانی لە وتارێكدا لە ساڵی 2001دا وتی: «لە رووی ستراتیژیەوە، ناكرێت سوپایەكی ئەفغانی لەسەر سنورەكانی خۆرئاوامان هەبێت و هەڵگری عەقڵیەتێكی هندیی بێت و خاوەن توانایەك بێت كە بتوانێت پاكستان دەستبەسەر پاكستاندا بگرێت». بەڵام سەبارەت بەوەی كە ئایا ئیمڕۆ هەڵوێستی گۆڕاوە یان جیاوازە، ئەوە بابەتێكە قابیلی گفتوگۆ لەسەركردنە. چاودێرانی پاكستان كۆكن لەسەر ئەوەی كە بوونی هندستان لە ئەفغانستان، هێشتا بۆ ژەنراڵ كیانی جێگەی درووستكردنی نیگەرانی سەرەكیە، لە كاتێكدا باش لە قەبارەی هەڕەشەی تاڵیبان لەسەر وڵاتەكەی تێدەگات. هەروەها دیپلۆماتكارێكی بەریتانی پایەبەرز لە ئیسلام ئاباد پێی راگەیاندم: «لەم ساتەوەختەدا، ئەفغانستان هەموو شتێكە كە كیانی بیری لێدەكاتەوە و هەموو ئەوەیە، كە دەیەوێت لە بارەیەوە قسە بكات، بەڵكو ئەفغانستان لەجێی هەموو ئەو كارانەیە كە كیانی كارییان لەسەر دەكات و جێی گرنگیپێدانی یەكەمیەتی، ئێستا شەڕێكی هندی – پاكستانی بە لەجیاتی بەڕێوە دەچێت».

## دوو دەوڵەتە جمکەکە:
## لە لەدایکبوونەوە دوژمنی یەکترن

ڕەگ و ریشەی ململانێی هند - پاکستان لەسەر ئەفغانستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دابەشکردنی نیوە دورگەی هندی لە ساڵی 1947. هاوکات لەگەڵ کشانەوەی بەریتانییەکان لە ئیمپراتۆریەتەکەیان لە هندستان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، هەستان بە دابەشکردنی کۆڵۆنییەکەی پێشوویان لە نێوان هندەکان، کە زۆرینەیان هندۆسین و پاکستانییەکان، کە زۆرینەیان موسوڵمانن. لەم چوارچێوەیەدا، کشمیر بووە دڕکێك لە قوڕگی هەردوو وڵاتدا. کشمیر، کە لە سەردەمی دەسەڵاتی هندی بەریتانیدا ولایەتێکی ئەمیریی بوو، دوایی بەهۆی دابەشبوونەوە هەلومەرجێکی جیاواز و تایبەتی بەخۆوە بینی، چونکە لەگەڵ ناوچەیەکدا کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی موسوڵمانن، بە شێوەیەکی ئاسایی ئامادەبوو تاوەکو بە پاکستانەوە بلکێنرێت، بەڵام هەست و سۆزە وابەستەکان بە هندستانەوە لەلایەن مهراجای هندۆسی و سیاسەتوانی دیاری موسوڵمان (شێخ عەبدوڵڵا)، سەرەڕای ڕەچەڵەکی کشمیری یەکەم سەرۆك وەزیرانی هندستان، واتە (جەواهیر لال نەهرۆ)، بووە هۆکاری هێشتنەوەی کشمیر وەك بەشێك لە خاکی هندستان، هەرچەندە پاکستان بە بەردەوامی ئەمەی بە کارێکی ناڕەوا داوەتە قەڵەم.

پاکستان بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1947دا جەنگاوەرە خێڵەکیە نانیزامییەکانی لە ویلایەتی کشمیر بەکارهێنا، بەو شێوەیەش لە رێگەی سنورەکانەوە پیاوانی هۆزەکانی (پەشتۆن)ی بەرەو (سریناگار) پایتەختی کشمیر نارد، بەڵام لە رێگەیاندا بەرەو سریناگار تاڵانی و بڕۆییان کرد و خەڵکیان دەکوشت، بەڵکو لە چەند تاوانکارییەکی تردا دەستدرێژییان ئەنجامدا و چەند راهیبەیەکی ئەوروپییان کوشت، کە لەناو نەخۆشخانە و کڵێسایەکدا بوون. دواجار هێزەکانی هندستان بە یارمەتی ژێراوژێری بەریتانیا، لە رێگەی بەکارهێنانی فڕۆکە بارهەڵگرەکانی گواستنەوەی

ئاسمانی بەریتانیاوە توانیان رێگە لە پێشڕەویکردنی پیاوانی هۆزەکانی پەشتۆن بگرن. بەپێی مەرجەکانی ئاگربەست و راگرتنی شەڕ کە لە 1ی کانوونی دووەمی 1949 واژۆ کراوە، کشمیر بە کرداریی لە نێوان هندستان و پاکستاندا دابەشکرا. لە ساڵی 1965دا هەردوو وڵات پێیان نایە ناو شەڕێکی تر لەسەر کشمیر، لەو کاتەشەوە کشمیر بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ناکۆکی نێوان هندستان و پاکستان.

لە راستیدا هندستان تەنها وڵات نەبوو کە هەنگاوی بۆ سەرەتایەکی خراپ نا لەگەڵ دەوڵەتی نوێی پاکستان لەو سەردەمەدا. هەروەها پەیوەندی ئەفغانستانیش لەگەڵ ناوچەی (خاکی پاك)دا ناسەقامگیر و ئاڵۆز بوو، چونکە ئەفغانستان تاکە دەوڵەت بوو کە ساڵی 1947 ناڕەزایی دەربڕی لە بەرامبەر بە ئەندامبوونی پاکستان لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. بە هەمانشێوەش لەگەڵ هندستان، سنورەکان و زەوییەکان جێی ناکۆکی و مشتومڕی نێوانیان بـوو. سەرکردە ئەفغانییەکان هەرگیز بە (هێڵی دۆراند)، کە بەریتانییەکان لە ساڵی 1893دا کێشابوویان، رازی نەبوون. لە دوای دابەشبوون، ئەفغانستانیش دانی بەو هێڵەدا نەهێنا کە گوایا هێڵی کۆتایی سنورەکەیەتی لەگەڵ پاکستان. پاشای ئەو سەردەمەی ئەفغانستان (زاهیر شا) بە تایبەتی بە پەرۆش بوو بۆ بەدەستهێنانەوەی پیشاوەر، کە کەوتۆتە دۆڵێکەوە لەوپەڕی خۆرهەڵات لە نزیك دەروازەی خەیبەر، کە رۆژێك لە رۆژان پایتەختی هاوینەی ئیمپراتۆریەتی ئەفغانستان بووە. پیشاوەر لە ساڵی 1845وە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا بوو، بەڵام ئێستا بووەتە بەشێك لە خاکی پاکستان. تاکو ئەمڕۆش، زۆرینەی ئەفغانییەکان وەکو شارێکی ئەفغانستانی ونبوو تەماشای پیشاوەر دەکەن.

بە خێرایی، رق و کینەی هاوبەشی پاکستان، نێوانی هندستان و ئەفغانستانی خۆشکرد بەو پێیەی دوو هاوپەیمانی سروشتین.

لە ساڵی 1950، هەردوو وڵات رێککەوتننامەیەکی دۆستایەتییان ئیمزا کرد. لە ماوەی ساڵانی داهاتووشدا، هندستان و ئەفغانستان هەوڵیاندا بۆ تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی پاکستان، ئەوەش لە رێگەی درێژکردنی دەستی یارمەتی و حەواندنەوەی ناسیۆنالیستە پەشتۆنی و بلوچەکان. لە ساڵی 1961دا بارودۆخی پەیوەندییەکانی نێوان پاکستان و ئەفغانستان زۆر خراپبوو، بەو هۆیەوە سنوری نێوانیان داخست و پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانیان پچڕاند.

ئەو بابەتەی حکومەتی ئەفغانستانی ناچار کرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ پاکستان باشبکات، جگە لەو فشارانەی کە لە ئەنجامی گەشەکردنی پێگەی یەکێتی سۆڤیێت لە ئەفغانستان لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، شتێکی دیکە نەبوو. ساڵی 1977 داود خان، سەرۆکی ئەو کاتی ئەفغانستان هانای بۆ پاکستان برد بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی هێز لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێت درووستبکات، بۆیە دەستیکرد بە وتوێژکردن لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی پاکستان (زولفەقار عەلی بۆتۆ)، ئەوەش بە ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشەکانیان لەسەر سنورەکان. بەڵام لە نیسانی ساڵی 1978 لە ئەنجامی کودەتایەکی چەپەکان بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیێت، دەسەڵاتی داود خان روخێنرا. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەوە هندستان توانی پێگەو کاریگەری شایستەی خۆی لە کابوڵ بەدەستبێنێتەوە. بە درێژایی ماوەی دەیەی هەشتاکان، هندستان پێگە و دەسەڵاتی خۆی لە ئەفغانستان فراوانکرد، ئەویش لە رێگەی جێبەجێکردنی زنجیرەیەك پرۆژەی پەرەپێدانی ئامانجدار لەو وڵاتەدا، وەك درووستکردنی کارگەکان و دەزگاکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارۆئاوی، جگە لە سەرپەرشتیکردنی چەندین دەستپێشخەری تایبەت بە ئاودێری.

لەو سەروبەندەدا، حکومەتی پاکستان دەستیکرد بە پڕچەککردنی موجاهیدینی ئەفغانستان، کە بریتیبوون لە گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان، هەندێکیان بۆ نموونە وەك ئوسامە بن لادن، لە دەرەوەی ئەفغانستان بوو، کە شەڕییان لە دژی داگیرکەری سۆڤێتی بەرپا کردبوو. هەمیشە بە سەربازکردنی موجاهیدە ئەفغانییەکان لە دەسەڵاتی ئاژانسی هەواڵگری پاکستان بوو، بەڵام یارمەتیدان و کۆمەککردنیان لە رووی داراییەوە لە بنەڕەتدا لەلایەن عەرەبستانی سعودیە و ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکا (CIA)وە ئەنجامدەدرا. هەر لەو دەیەیەدا، واتە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، پاکستان دەستیکرد بە ناردنی جیهادیە توندڕەوەکان بۆ بەری کشمیری هندی. لەو ماوەیەدا بوو، جارێکیان (جەمیل گوڵ)، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری پاکستان بۆمی روونکردەوە کە: «ئەگەر هەواڵگری پاکستان هەڵسێت بە هاندانی کشمیرییەکان، ئەوا بابەتەکە قابیلی لێکگەیشتن بوو، واتە گەلی کشمیر بەپێی شەرعیەتی نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان رادەپەڕی، ئەرکی نیشتمانی پاکستانیش یارمەتیدانیانە بۆ رزگاربوونیان، بەڵام ئەگەر جیهادییەکان دەرچوون بۆ پەلاماردانی هندستان و بە هۆیەکی رەوا سوپاکەیان لەسەر خاکەکەی جێگیرکرد، کەواتا بۆچی پشتیوانیان نەکەین؟». پارچەیەکی گەورە لە دیواری بەرلین کە لەلایەن خەڵکی بەرلینەوە بە دیاری پێیداربوو، لەناو ژووری حەوانەوەیدا لە ئیسلام ئاباد لە تەنیشت خۆیەوە دانرابوو، چونکە حەمید لە رێگەی بەکارهێنانی جیهادییەکانەوە لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستدا یەکەمین گورزی ئاراستەی ئیمپراتۆریەتی سۆڤێتی کرد.

لە هەوڵێکدا بۆ سنوردارکردنی پێگەی پاکستان لە دوای روخانی ڕژێمی دەسەڵاتداری سەر بە سۆڤیێت لە ئەفغانستان لە ساڵی 1989، هندستان دەستیکرد بە پشتیوانیکردنی «هاوپەیمانێتی باکور»ی ئەفغانستان بە سەرکردایەتی ئەحمەد شا مەسعود، کە سەرکردەیەکی تاجیکی بوو لەلایەن هەریەك لە ئێران و روسیاوە هاوکاری دەکرا. هندستان بەردەوامبوو لەسەر کۆمەککردنی شا مەسعود بە چەك و پێداویستییەکانی شەڕی سەر چیا بەرزەکان و ناردنی راوێژکارانی بـواری بەرگری، جگە لە پێشکەشکردنی تەکنیککاران و پارچەی یەدەگی فڕۆکەی هیلیکۆپتەر، ئـەوەش لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی تاڵیبان بوو، کە لەلایەن پاکستانەوە هاوکاری و پشتیوانی لێدەکرا. ماوەی فەرمانڕەوایەتی تاڵیبان لە ماوەی نێوان 1994-2001 بەو پێیەی کە تاڵیبان بزووتنەوەیەك بوو خاك و ناوچەیەکی بەرفراوان لەژێر دەستیدا بـوو، بە تایبەتی مـاوەی نێوان 1996-2001، کە کۆنترۆڵی کابوڵی پایتەخت و حکومەتی ئەفغانستانی کرد، کە ماوەی زێڕینی پێگەو دەسەڵاتی پاکستان بوو لەناو ئەفغانستان. هندستان، کە دانی بە رژێمی تاڵیبان نەدەنا ناچارکرا باڵیۆزخانەکەی و هەموو کۆنسوڵگەرییەکانی لە ئەفغانستان دابخات. بە هاندان و پاڵپشتی ئاژانسی هەواڵگری پاکستان، هەرزوو ئەفغانستان بووە بنکەیەك بۆ ژمارەیەك گروپ و تاقمی جۆراوجۆری دژ بە هندستان، لە نێوانیشیاندا گروپی (لەشکر تیبە)، کە لە ساڵی 2008 پەلامارە خوێناوییەکەی لە شاری مۆمبای هندستان ئەنجامدا.

هـاوکـات لەگەڵ تەنگەتاوکردنی هاوپەیمانێتی باکوری ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبان و قەتیسکردنی لە چەند باندێکی بچوك بچوك لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکاندا، بە پشتیوانی هێزە حکومییەکانی پاکستان، هندستان و ئێران هەر بەردەوامبوون لە رەوانەکردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ هێزەکانی شا مەسعود،

که بە شێوەیەکی بەردەوام گەمارۆ درابوون و لە هەڵکشانیشدا بوو. لە ساڵی 2001دا، هندستان نەخۆشخانەیەکی لەناو بنکەی ئاسمانی سەر بە هێزەکانی شا مەسعود لە تاجیکستان درووستکرد، کە بەهۆیەوە جێگەیەك بۆ گواستنەوەی سەربازە تاجیکییەکان بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر دابینکرا. فەریق (R.K.Sawhney) ئەو فەرماندە هندییەی کە سەرپەرشتی پرۆگرامی گەیاندنی کۆمەك و یارمەتییەکانی هندستانی بۆ هاوپەیمانێتی باکوری ئەفغانستان دەکرد، لە یەکەم رۆژدا کە نەخۆشخانەکە یەکەم برینداری شەڕی وەرگـرت، بە خەمبارییەوە پێیوتم: «ئەو یەکەم بریندارە خودی ئەحمەد شا مەسعودە، کە لەلایەن دوو خۆکوژەوە تیرۆرکرا، لە کاتێکدا خۆیان وەك دوو وێنەگر ناساندووە». بەرواری ئەو رۆژە 9ی سێپتەمبەری ساڵی 2001 بوو.

## 11ی سێپتەمبەر هەموو شتێکی گۆڕی

لە پاکستان، ژەنراڵ پەروێز موشەڕەف، فەرماندەی باڵای سوپا کە لە رێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە لە ساڵی 1999دا حکومەتی (نـەواز شەریف)ی روخاند و خۆی شوێنی گرتەوە، بەڵام زۆر بە خێرایی چۆکی بۆ گوشاری هەڕەشەکانی ئەمەریکا دادا تاوەکو ببێتە هاوپەیمانی بەبێ کێشەو گرفتێك. لە دواییدا موشەڕەف لە بیرەوەریەکانیدا ئاشکرایکردووە و نوسیویەتی: «زۆری نەمابوو وەك دەوڵەتێکی تیرۆریستی پۆلێن بکرێین، بەڵام ئەولەوییەتی ستراتیژیی گشتگیری ئێمە لەو بارودۆخەدا ئەوەبوو کە ئایا چی بەسەر کێشەی کشمیردا بێت؟». پشتیوانیکردنی موشەڕەف لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کاری دەیەیەك لە سیاسەتی دەرەوەی پاکستانی لەباربرد. موشەڕف لایەنگری هەڵمەتی «شەڕی جیهانی لە بەرامبەر تیرۆر»

کرد کە لەلایەن سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (جۆرج بوشی کوڕ)وە ڕاگەیەنرا، بەو هۆیەشەوە بە ئاشکرا پەیوەندییەکانی وڵاتەکەی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان پچڕاند، داواشیکرد ئەندامانی ڕێکخراوی قاعیدە دەستگیر بکرێن. بە بۆچوونی تایبەتی موشەڕەف، بە هاتنی ساڵی 2007 (672) ئەندامی ڕێکخراوی قاعیدە لە پاکستان دەستگیرکرا و (369) کەسیان ڕادەستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کران. ئەو هەنگاوە پاکستانی لە بۆردومانکرنێکی ئەمەریکی ڕزگار کرد، کە ئەگەر ئەنجامبدرایا ئەو وڵاتەی دەگەڕاندەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین. ئەگەری ئەنجامدانی ئەو پەلامارە، هەڕەشەیەکی ئاشکرای ئەمەریکا بوو، کە موشەڕەف دەیخاتە پاڵ (ریچارد ئارمیتاگ)، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەو کاتەدا، بەڵام ئارمیتاگ ڕەتیدەکاتەوە کە هەرگیز قسەی وەهای کردبێت.

گۆڕینی چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوە زیانی زۆری بە پێگەی پاکستان لەناو ئەفغانستان گەیاند، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە پێگەو ڕۆڵی هندستان گەیشتبووە لوتکە، ئەویش بەهۆی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن (حامید کارزای)وە بە ماوەیەکی کورت لە دوای ئەنجامدانی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لەناو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. لە ساڵانی داهاتوودا، هندستان ژیرانە هەلەکەی قۆستەوە بە مەبەستی داڕشتنی پەیوەندییەکی هاوبەشی پتەو لەگەڵ ئەفغانستاندا. بەرنامەی هاوکاری و یارمەتیدان و بونیاتنانەوەی ئەفغانستان، کە سەرەتای کارەکانی لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستیپێکرد، زۆر دەستکراوانە بوون تا ئەندازەیەك کە هندستانی کردە گەورەترین لایەنی کۆمەکبەخش و هاوکاری ئەفغانستان. ئەو بەرنامەیە بۆ یارمەتیدانی ئەفغانستانی دراوسێ زۆر بە وردی دیراسەکرا و دەست بە جێبەجێکردنی کرا، چونکە بە یەکێك لە چاکترین هەوڵەکانی

یارمەتیدانی پلانبۆدارێژراو و ئامانج دیاریکراو دراوەتە قەڵەم، بە جیاواز لە یارمەتی و هاوکارییەکانی هەر دەوڵەتێکی تر. هندستان هەستا بە راکێشانی ئەو رێگایانەی ئەفغانستان بە ئێرانەوە دەبەستنەوە، بە جۆرێك کە چالاکیە بازرگانییەکانی ئەفغانستان لە رێگەی بەندەری شابهار (شارێکە لە باشوری ئێران دەڕوانێتە سەر کەنداوی عومان) بە ئاسانی دەگاتە دەوڵەتانی کەنداو، ئەوەش لەوە رزگاری دەکات، کە چیتر پێویستی بە بەکارهێنانی بەندەری کەراچی پاکستان نەبێت. لە لایەکیترەوە هندستان دەستپێشخەری کردووە بۆ درووستکردن و یارمەتیدان لە درووستکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا و دامودەزگا تەندروستییەکانی منداڵان و ئەوانەی ئەندامانی جەستەیان (دەست و قاچیان) لەدەستداوە. هەروەها هندستان (400) ئۆتومبێلی گەورە و (200) ئۆتۆمبێلی بچوك و فرۆکەگەلێکی پێشکەشی هێڵی ئاسمانی ئەفغانستان (ئەریانا) کرد، بەشداریشی کردووە لە راکێشانی هێڵەکانی دەستەبەرکردنی وزە، هەڵکەندنی بیری ئاو، جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژەکانی ئـاوەڕۆ، بەکارهێنانی وزەی خۆر بۆ روناککردنەوەی گوندەکان و درووستکردنی تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی ژمارەیی لە (11) ویلایەتی ئەفغانستان لەلایەن کارمەندانی شارەزای هندی لە بواری پەیوەندییەکاندا. جگە لەوەش هندستان ساڵانە کورسی خوێندنی بۆ (1000) فێرخوازی ئەفغانی دابینکردووە بۆ ئەوەی بتوانن لە زانکۆکانی هندستان بخوێنن، هەروەها رۆڵێکی بنەڕەتی گێڕاوە لە درووستکردنی بینای نوێی پەرلەمانی ئەفغانستان لە کابوڵی پایتەخت کە تێچوونەکەی (25) ملیۆن دۆلارە.

سەرجەم ئەو کۆمەك و یارمەتییانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی هندستان ببێتە خاوەنی پشتیوانیەکی جەماوەری گـەورە لە ئەفغانستان. ئەنجامی راپرسیەك کە لە ساڵی 2009 لەلایەن هـەردوو کەناڵی

(BBC) و (ABC)وە ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە تێڕوانینی 74%ی ئەفغانییەکان بۆ هندستان ئەرێنیە، بەڵام رێژەی  ئەوانەی لە راپرسیەکەدا تێڕوانینێکی ئەرێنییان لە بارەی پاکستانەوە نیشانداوە تەنها (8%)ی بەشداربوانی راپرسییەکان پێکدەهێنن. سەرەڕای ئەوەی ئەمەریکا لە رێگەی فشارەکانیەوە توانی هندستان رازیبکات بە رەوانەنەکردنی هێز و دابیننەکردنی هاوکاری و توانای سەربازی بۆ ئەفغانستان، لە بەرامبەردا هێشتا پاکستانییەکان نیگەرانن لە هەمبەر ئاماژەکانی زیادبوونی پێگەی هندستان لەو ناوچەیەدا، بە تایبەتی لە کاتێکدا کە زۆرێك چوونەتە ئەو بڕوایەی، کە هندستان کۆنسوڵییەکانی لە ئەفغانستان بۆ هاندانی راپەڕین و یاخیبوون لە ناوچەی بلوچستانی پاکستان بەکاردەهێنێت.

کۆنسوڵی گشتی پێشووی هندستان لە ویلایەتی قەندەهار بۆی گێڕامەوە کە لە بارەگای کۆنسوڵیەتەکەی چاویکەوتووە بە چەند سەرکردەیەکی بلوچی، بەڵام رایگەیاند کە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە کابوڵ رێنمایی توندی بۆ دەرکردووە بۆ ئەوەی بە هیچ شێوازێك یارمەتیان نەدات لە دژی پاکستان. لە بەرامبەردا ئەوەی بۆ ئاشکرا کردم، کە کارمەندانی دەزگـای توێژینەوە و شیکردنەوەی هندستانی لەناو تیمی کاری هەردوو کۆنسوڵگەریی هندستاندا بوون لە قەندەهار و جەلال ئاباد. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە هندستان کارمەندانی هەواڵگری خۆی لەو شوێنە هەستیارانەدا بۆ کارکردن بهێڵێتەوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نییە لە بارەی ئەوەی کە دەزگای توێژینەوە و شیکردنەوە یان هەر ئاژانسێکی هندستانی دیکە رێکارەکانی بۆ دژایەتیکردنی پاکستانییەکان بەکارهێنابێت لە وەڵامی جەنگی نهێنییان لە دژی بەرژەوەندییەکانی هندستان لە ئەفغانستان. ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا شوێنپێی هەموو ئەو بەڵگانەی

هەڵگرتووە، کە پاکستان سەبارەت بەو بابەتە خستوویەتیە بەردەست، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی دەستنەکەوتووە تا بیسەلمێنێت هندستان یارمەتی جودابیخوازە بلوچییەکان دەدات، بەو جۆرەی کە پاکستان رایگەیاندووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئەنجامی گومانە هەڵپەستێردراوەکان لە نێوان هاوڕێکانی سەرۆك پەرویز موشەڕەف لەناو سوپای و ئاژانسی هەواڵگری پاکستاندا، بەڵام دوورخستنەوەی گومانەکان لە بزووتنەوەی تاڵیبان لە دوای ئەنجامدانی پەلامارەکانی 11ی سێپتەمبەر زۆری نەخایاند. بە پێچەوانەوە، سەرەڕای بەڵێنە ئاشکراکانی ئاژانسی هەواڵگری پاکستان لە ساڵی 2002 بەدواوە بە شێوەیەکی ئاکتیڤ هاوکاری بزووتنەوەی تاڵیبانی کردووە، سەرەڕای ئەوەش کاتێك گرنگیپێدانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بەو خێراییە بە ئەفغانستان نەما، لە دوای هێرشکردنە سەری لە ساڵی 2001دا، ئەم هەنگاوە ئەو بۆچوونەی لەلای سوپای پاکستان درووستکرد، کە ئەمەریکا لە هەمبەر خۆگرێدانی ماوەدرێژ بە رژێمی حامید کارزای هەنگاوێکی جددی نەبوو. ئەم بابەتە هیوایەکی بە پاکستانییەکان بەخشیەوە بەوەی کە دەکرێت دووبارە تاڵیبان بەکاربهێننەوە بە مەبەستی سەرلەنوێ جێگیرکردنی رژێمێکی سەر بە پاکستان لە ئەفغانستان، بە تایبەتی کاتێك کە فۆکسی گرنگیپێدانەکانی ئەمەریکا دەخرێتە سەر مەسەلەیەکی تر. هەر ئەوەش رویدا، چونکە لە دوای چەند مانگێکی کەم بەسەر پەلامارەکانی 11ی سێپتەمبەر، ئاژانسی هەواڵگری پاکستان پەناگەی بۆ هەموو سەرکردەکانی بزووتنەوەی تاڵیبان لە دوای هەڵاتنیان لە ئەفغانستان دەستەبەر کرد. ئاژانسی هەواڵگری پاکستان

لەناو خانوویەکی پارێزراودا لە شاری (کویتا) پایتەختی هەرێمی بلوچستان، (مەلا عومەر) رابەری بزووتنەوەی تاڵیبانی حەشاردا و پارێزگاری لە ژیانی کرد، بەڵام میلیشیاکانی لە پەشتۆن ئاباد نیشتەجێکران کە (ناوچەیەکە لە دەورەبەری کویتا).

رابـەری جیهادیی (گولبەدین حیکمەتیار)، سەرۆکی حزبی ئیسلامی پاڵپشتیکراو لەلایەن پاکستانەوە، لە دوای چەشەکردنی لە ئێران گەڕایەوە بۆ ئەفغانستان و رێگەی پێدرا ئازادانە لە دەرەوەی پیشاوەر کاربکات، لە کاتێکدا هەواڵگری پاکستان رێگەی بە (جەلالەدین حەققانی)دا، کە یەکێك بوو لە توندوتیژترین سەرکردەکانی تاڵیبان پەنابەرێت بۆ حەوانەوە لە باکوری وەزیرستان. کاتێکیش تووشی نەخۆشی بوو، دەوترێت لە نەخۆشخانەکانی پاکستان چـارەسـەر بـۆ کــراوە. لـە پێناو هێشتنەوەی داوی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەمجۆرە گروپانەدا لە دەرەوەی چوارچێوەی چاودێرییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆرئاوا، دەزگای هەواڵگری پاکستان رێکخراوێکی نهێنی تازەی درووستکرد، کە راهێنەرانی پێشووی هەواڵگری پاکستان و ئەفسەرانی پەشتۆنی خانەنشینکراوی سەربازی گرتبووەخۆ، دەستیانکرد بە پڕچەککردن و راهێنانی چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان و هاوکاریکردنیان لە سەربازگەکانی کویتا. لە ساڵی 2004 چەندین کاروانی سەربازی پاکستان بینراوە لە کاتێکدا کە چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان دەگوزانەوە بۆ سەر سنورەکانی ئەفغانستان و لە دوای چەند رۆژێك بە هەمانشێوە دەیانگێڕنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. یەکەیەکی چاودێری بێتەل لە بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە باگرام توانیویەتی هەندێك پەیوەندی تەلەفۆنی بگرێت، کە لە نێوان سەرکردەکانی تاڵیبان و ئەفسەرانی

سوپای پاکستان لەسەر سنور ئەنجامدراوە، بە مەبەستی گرتنەبەری پلان و ڕێکارەکانی دابینکردنی دەروازەیەکی تێپەڕینی پارێزراو بۆ چوونەناوەوە و دەرچوونیان لە ئەفغانستان. لەگەڵ هاتنی ساڵی 2005دا بزووتنەوەی تاڵیبان بە یارمەتی نهێنی لەلایەن پاکستانەوە، چەند هێرشێکی بەربڵاوییان کردە سەر هێزەکانی پەیمانی ناتۆ لەناو ئەفغانستان. لەو کاتە بەدواوە بزووتنەوەی تاڵیبان سەرکەوتنی بەرچاوی نیشاندا لە پەناگەکانی لە باشوری ئەفغانستان.

لە ساڵی 1996 تاڵیبان ئامادەگی زیاتری خۆی نیشاندا لە 70%ی ناوچە پەشتۆنییەکان، بەڵکو لە زۆربەی ناوچە گوندنشینەکانی باشوری ئەفغانستان دەستیانکرد بە پرۆسەکانی کۆکردنەوەی باج و خەراج و سەپاندنی حوکمەکانی شەرع و جێبەجێکردنی ئەو دادپەروەریە توندەی کە باوەڕییان پێیەتی، بەو شێوەیەش قەبارەی پێگەو دەسەڵاتیان مانگ لەدوای مانگ زیاتر بوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پێنتاگۆن) لە ساڵی 2009، حکومەتی حامید کارزای لە کۆی (121) هەرێمی ستراتیژی لە سەرتاسەری خاکی ئەفغانستان، توانیویەتی کۆنترۆڵی تەنها (29) هەرێم بکات. لە ساڵی 2011شدا ژمارەی هێرش و پەلامارەکانی تاڵیبان گەیشتە (12244) هێرشی چەکداری، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2006دا دەکاتە پێنج ئەوەندە. بەڵام ئەگەر شەڕەکانی بەلەجیاتی پاکستان لەسەر زەوی شەڕ سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو بەدیبێنێت، ئەو کاتە دەکرێت بڵێین، کارزای هەندێك سەرکەوتنی کتوپڕی لە بەرەی سیاسی بەدەستهێناوە، لە ڕێگەی یاریکردنی ژیرانەی بە دراوسێکانی.

کارزای لە تەمووزی 2010 بڕیاریدا هەوڵبدات تاوەکو دانوستان لەگەڵ تاڵیبان بکات، بەڵام ئەوەندەی نەبرد نیگەرانی هندستان و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای داگرت. لە ماوەی خۆئامادەکردن

بۆ ئەنجامدانی دانوستانەکان، کارزای هەستا بە لەسەرکارلابردنی (ئەمروڵڵاساڵح)، سەرۆکی دەزگای ئاسایشی ئەفغانستان کە زۆر لایەنگری هندستان و زۆریش دوژمنی پاکستان بوو. ئەمروڵڵا لەلای تاجیکییەکان کەسایەتیەکی بەهێزو درەوشـاوە بوو، بەوەش زیاتر دەرکەوت چونکە یەکێکە لەوانەی لەسەر دەستی ئەحمەد شا مەسعود پەروەردە بووە، بزووتنەوەی تاڵیبان و هاوپەیمانەکانی لەناو دەزگای هەواڵگری پاکستان ئەوییان بە سەرسەختترین دوژمنەکانیان دەدایە قەڵەم. هەروەك برۆس ریدڵ، راوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما بۆ کاروباری ئەفغانستان – پاکستان، کە لەو کاتەدا ئەندامێکی دیاری ئەنیستیتیۆی (برۆکینگز) بوو، کاتێك هەواڵی دوورخستنەوەی ئەمروڵڵا ساڵح بڵاوبۆوە وتوویەتی: «بڕیاری کارزای بە دوورخستنەوەی ساڵح زیاتر لە هەر بابەتێکی تر نیگەرانی کـردووم، چونکە ئەوە مانایوایە کارزای دەستیکردووە بە پلاندارشتن بۆ شێوەی ئەفغانستانی دوای قۆناغی ئەمەریکا».

بۆ یەکەمجار، دەرکـەوت ئەو نزیکبوونەوەیە لەگەڵ پاکستان بەرهەمی خۆی هەبوو. فەریق (ئەحمەد شوجاع پاشا) سەرۆکی هەواڵگری پاکستان و فەریق (ئەشفەق پەروێز کیانی) فەرماندەی گشتی سوپای پاکستان، لە نێوان کابوڵ و بارەگای سەرەکی لە راوڵبەندی کەوتنە جموجووڵ لە پێناو ئەنجامدانی هەنگاوی ئاشتەوایی و پێکهاتنەوەی نێوان کارزای و تۆڕی جیهادیی حەققانی، کە لەلایەن دەزگای هەواڵگری پاکستانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، ئەو هەنگاوەش کارزای لە دەسەڵاتدا دەهێڵێتەوە لە کابوڵ لە بەرامبەر سەروەریەکی وابەستەی گەورەتر بۆ پاکستان لە باشور. بەڵکو وتوێژو گفتوگۆ هەبوو لە بارەی رەزامەندی پاکستان لەسەر پێشکەشکردنی یارمەتی لە بواری مەشقپێکردنی سوپای نیشتمانی ئەفغانستان. بەڵام لە کۆتاییدا ئەو پێکهاتن و ئاشتەواییە کەمتر لە ساڵێکی خایاند، ئەوەبوو جارێکی تر

ناکۆکی کەوتە نێوان کیانی و کارزای. لە ساڵی 2011دا هاوکێشەکە ئاوەژوبۆوە کاتێك (مانهومان سینگ) سەرۆك وەزیرانی هندستان سەردانی کابوڵی کرد و ڕێککەوتنێکی کاری ستراتیژی هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی کارزای واژۆ کرد و بەڵێنی پێدا لە رووی ئاسایشی نیشتمانیەوە هاوکاری بەرفراوانترو زیاتری بکات، جگە لە رێککەوتنیان لەسەر دابینکردنی چەکی سوك و مەشقپێکردنی هێزە ئەفغانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە و شەڕکردن لە ناوچە شاخاوی و بەرزاییەکاندا.

لە مانگی حوزەیرانی 2012، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی ئاشکرا هێرشیکردە سەر ئەو وڵاتەی کە بە (هاوپەیمانە ناپاکەکەی) نـاوزەدی کرد. لە کاردانەوەیەکدا لە بەرامبەر ئەو بەڵگانەی زیاتر پاکستان تۆمەتبار دەکەن بە داڵدەدانی ئوسامە بن لادن لەناو خاکی وڵاتەکەی و ئەنجامدانی ئەو هێرشانەی کە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکایان لە ئەفغانستان کردە ئامانج، ئەگەر بە شێوەیەکی ئەنقەست بووە یان نا. لەو بارەیەوە (لیۆن پانیتا) وەزیری بەرگری ئەو کاتەی ئەمەریکا وتی: «پشوودرێژی ویلایەتە یەکگرتوەکان لە بەرامبەر پاکستان بەرەو تەواوبوون دەچێت». بە رێگەیەکی لەوەش توندتر، پانیتا بۆ یەکەمجار دانی پێدا نا، کە سوپای ئەفغانستان لەلایەن هندستانەوە مەشق و راهێنانی پێدەکرێت. ئەم بابەتە ترس و نیگەرانییەکانی پاکستان و ئاستی لەدەستدانی متمانەی بە هندستان گەیاندە کێرڤێکی بەرزتر، بەو هۆیەشەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا لاوازتر بوو، بە تایبەتی لە بەرامبەر هەڵکشانی تورەیی پاکستان لە هەمبەر گۆڕانی خاکی وڵاتەکەی بۆ ناوچەیەکی کوشتن بەهۆی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمەریکاوە.

## ئەفغانستانی دوای قۆناغی ئەمەریکی

دوای تێپەڕینی (12) ساڵ بەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەرەو ئەفغانستان لە پێناو لەناوبردنی ڕێکخراوی قاعیدە و دابڕاندن و گۆشەگیرکردنی ڕژێمی تاڵیبان، ئەوەتا ئێستا هێزە خۆرئاواییەکان پەیتا پەیتا دەکشێنەوە بێئەوەی هیچکام لەو دوو ئامانجە بەدی بهێنرێت. ئێستا تاڵیبان دەستیگرتووە بەسەر زۆربەی ناوچە گوندنشینەکانی باشوری ئەفغانستان، ئەگەریش هەیە ساڵی ئایندە رووبەری ئەو کۆنترۆڵکردنە فراوانتر ببێت، کاتێك هێزە بەریتانی و ئەمەریکییەکان لێی دەکشێنەوە، کە ژمارەیان (100) هەزار سەرباز دەبێت. سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدە، کە چەکدارەکانی بۆ ناوچە سنورییەکان و چەند شوێنێکی سەختی تر گواستەوە، تووشی زیانێکی گەورە هات، بەڵام هێشتا لەناوبردن و کۆتاییپێهاتنی ئەگەرێکی دوورە. ئایندەی خودی (حامید کارزای) یش گەرەنتی نییە، چونکە بەپێی دەستور پێویستە لەسەری پۆستەی جێبهێڵێت. لە کاتی سەردانی ئەمجارەم بۆ ئیسلام ئاباد، گوێم لە قسەی هەموو لێپرسراوە باڵاکان و ئەوانەی وەزارەتـی دەرەوەی پاکستانیش بوو، دەیانگوت کارزای لە بواری تەندروستی عەقڵیدا کێشەی گەورەی هەیە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا کارزای گەمژە نییە و هێشتا خاوەنی بۆچوون و تێڕوانینی بەهێزە لە رووی پەیوەندییەکانی پاکستان بە دوژمنی وڵاتەکەی، واتە بزووتنەوەی تاڵیبان.

لە ئاداری 2013دا کارزای لە کاتێکدا پەنجەی رادەوەشاند لە کابوڵ پێیوتم: «من هۆشداریم پێدان و ئاگادارم کردن، کە هێزەکانی ئەفغانستان رۆژ لەدوای رۆژ هێزو تواناییان زیاتر دەبێت، ناشکرێت هەر حکومەتێکی ئەفغانی پەیوەندی باش لەگەڵ ئاسەف عەلی زەرداری سەرۆك کۆماری پاکستان، یان سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو نەواز شەریف، یان هەر کەسێکی تر لەوان درووستبکات، چونکە

ئێمە هەموومان دەزانین کێ یاری بە داوەکانی گەمەکە دەکات، مەلاکان و ئاژانسی هەواڵگری پاکستان. ئەنجومەنی زانایانی پاکستان بەمدواییە رێگەیداوە بە ئەنجامدانی کردەوە خۆکوژییەکان لە ئەفغانستان، بۆیە ئـەوەی رودەدات زۆر روون و ئاشکرایە، هەندێك لـە هاوپەیمانەکانمان (بـە دیایکراویش بەریتانییەکان) پێیان راگەیاندوم کە پاکستان گـۆڕاوە، ئایا باوەڕ بەمە بکەم؟». کارزای لە قووڵایی دڵیەوە کـەوتە پێکەنین وتی: «هەرگیز ئەوە رونادات». سەرەڕای ئەو هەموو شکستەی بەسەر حامید کارزای و هەموو ئەو هێزانەدا هات کە لە دژی یەکیانگرت، بەڵام توانی بۆ ماوەی (12) ساڵ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە لە کابوڵ، بە سەرکەوتوویی هەموو ئەو نسکۆ و گرفتانەی تێپەڕاند، کە بۆیان هەبوو دەسەڵاتی کەسێك بڕوخێنن، کە گرنگی و کاریگەری لەو کەمترە. لە رێگەی هاندانی هەریەکە لە هندستان و پاکستان و ئێران و چین لە دژی یەکتری لەلایەن (کـارزای)ەوە، هەروەها لە رێگەی یاریکردن بە لێهاتوویی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و (49) دەوڵەتی تر کە هێزەکانیان بەشدارییان لە پێکهێنانی هێزی (ISSAF)دا کرد، لە بەرامبەردا کارزای توانی بە سەرکەوتوویی ئامانجە جیۆسیاسی و ئابورییەکانی ئەفغانستان بەدیبێنێت.

سەرەڕای هەڵچوونەکانی کارزای لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەڵام زانی چۆنچۆنی کاردەکاتە سەر وڵاتە دراوسێکان بۆ ئەوە کێبڕکێ بکەن لە پێناو درووستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ ئەفغانستان. لە دوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی شەراکەی ستراتیژی لەگەڵ هندستان، کارزای دڵنیایی دایە پاکستان، کە ئەو رێککەوتننامەیە ئاراستەکراو نییە بۆ دژایەتیکردنی هیچ دەوڵەتێکی دیاریکراو. سەرەڕای ئەو گەندەڵیە زۆرەی لە رژێمی دەسەڵاتی حامید کارزای بوونی هەیە، بەڵام ئەفغانستان لە سەردەمی حوکمیدا گۆڕانکاری

بنەڕەتی بـەرەو باشتر بەخۆیەوە بینی. شارەکان فراوانتر کران، هاتووچۆکردنی دانیشتوانی ناوچە دێهاتییەکان ئازادکرا و لە ئێستادا دەتوانن تا دوورترین خاڵی وڵاتەکەیان بڕۆن، خەڵکی ئەفغانستان بە شێوەیەکی گشتی ئاستی بژێوی و فێرکردنیان باشتر بووە. هەروەها تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت و رۆژنامەگەری چالاك رۆڵیان لە فراوانکردنی بیرو بۆچوونی زۆرێك خەڵکدا گێڕاوە. لەوانەیە تاڵیبان بتوانێت ببێتە هۆکاری درووستکردنی سەرئێشە و گرفتی زۆر، بەڵام ژمارەیەکی کەم لە چاودێرانی ناو دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت بزووتنەوەی پێیانوایە تاڵیبان بایی ئەوەندە بەهێزە تا بتوانێت بگەڕێتەوە و دەستبەسەر کابوڵ یان بەسەر ناوچەکانی باکوری وڵاتەکەدا بگرێت. بزووتنەوەی تاڵیبان وەك هێزێکی پەشتۆنی دێهاتی دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا لەناو کابوڵی پایتەخت رێژەیەکی کەم لایەنگری هەیە. لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان، ئەو کەسەی شوێنی کـارزای دەگرێتەوە لەوانەیە بتوانێت لەناو (کابوڵ)ێکی قایمکراودا خۆی بگرێت و درێژە بدات بە یاریکردن بە دراوسێکانی ئەفغانستان.

بەڵام دواڕۆژی پاکستان، لانیکەم لە هەمان دواڕۆژی ناڕوونی ئەفغانستان دەچێت. لە دوای (14) ساڵ بەسەر ئەو کودەتا سەربازیەدا کە حکومەتەکەی نەواز شەریفی روخاند، لە بەرامبەردا شەریف گەڕانەوەیەکی سیاسی سەرسوڕهێنی تۆمار کرد و جارێکی تریش بوو بە سـەرۆك وەزیرانی پاکستان، بـەڵام پلاندارێژەری کودەتاکە (پەروێز موشەڕەف) لەژێر فەرمانی هێشتنەوەی بەزۆردایە و رووبەڕووی هەڕەشەی لەسێدارەدان کراوەتەوە، واتە هەمان ئەو هەڕەشەیەی لە ساڵی 2000دا لەسەر ژیانی نەواز شەریف هەبوو. سەرجەم تاقم و گروپەکانی بەرژەوەندیخوازی پاکستان هیواخوازن و لە هەوڵدان بۆ سودوەرگرتن لە گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی

سەردەم و چۆنێتی کاریگەری نوندنیان لەسەر سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی وڵاتەکەیان. حەنا رەبانی خار، وەزیری دەرەوەی پاکستان لە سەردەمی سەرۆك ئاسەف زەرداری، کە دەوترێت لە ژەنراڵ ئەشفەق کیانی نزیکبووە، چەندینجار سەرنجی راکێشاوم بۆ ئەوەی کە پاکستان لە ئێستادا شەڕێکی ناوخۆیی گەورە لە دژی بزووتنەوەی تاڵیبان لەناو پاکستان بەڕێوە دەبات، ئەوەشی راگەیاندووە کە گەڕانەوەی تالیبانی ئەفغانی بۆ دەسەڵات لە کابوڵ، دوایین شتێکە وڵاتەکەی بیەوێت یان پێویستی پێی هەبێت. بەڵام زۆربەی چاودێرانی ئەفغانستان و هندستان وەك گاڵتەجاڕ سەیری حەنا رەبانی خار دەکەن، بەو پاساوەی کە هەوڵدەدات هەڵیانبحەڵەتێنێ و گرنگیدانیان بە بابەتەکە پەرشوبڵاو بکات، بە تەواوەتی وەکچۆن کارزای لەگەڵ مندا کردی کاتێك پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە پاڵنەرەکانی پاکستان نەگۆڕاون. بەڵام بە دڵنیاییەوە هۆکاری خواستراوی زۆر هەیە بۆ لێکدانەوەی نیگەرانی پاکستانییەکان لە بەرامبەر ئەو جیهادییانەدا کە هاوکارییان کردوون و بەوپەڕی سنگفراوانیەوە بۆ ماوەی (3) دەیە مەشق و راهێنانیان پێکردوون. لە کاتێکدا هێشتا زۆرێك کەس لەناو هەواڵگری پاکستان باوەڕییان وایە، کە دەتوانن جیهادییەکان لە پێناو مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، چونکە لە بەرامبەردا ئامادەیی ئیسلامییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەجێندایانەی دەیانخەنە سەنگەری ناکۆکی لەگەڵ هاوکارو سپۆنسەرەکانیان، بەو هۆیەشەوە کەسانی خۆکوژ دەنێرن نەك بە مەبەستی کردنەئامانجی کەمینە دینییەکان لە پاکستان، بە تایبەتی شیعەکان و سەرکردە سیاسییەکانیان، بەڵکو تەنانەت ئامادەن بارەگای سەرەکی ئاژانسی هەواڵگری پاکستانیش لە سەربازگەی (حەمزە) بکەنە ئامانجی خۆیان.

بەپێی باسکردنێکی وردو پوختی (کامیرۆن مەنتێر) باڵیۆزی

پێشووی ئەمەریکا لە پاکستان، وتەیەکی هەیە دەڵێت: «ئەگەر تۆ لە باخچەی پشتەوەی ماڵەکەت مارت بەخێو کردووە، رۆژێك پێتەوە دەدات». ئەو مەترسیەی گروپە جیهادییەکان دروستییانکردووە، بە تەنها لە دژی هندستان نییە، بەڵکو لەسەر پاکستانیش درووستییانکردووە، ئەوەش راستیەکە بە هەمووان زۆر روونە. لە کۆتاییەکانی وەرزی بەهاردا کاتێك دەمویست لەگەڵ هاورێیەکدا نای ئێوارە بخۆم، کە لە نزیك قوتابخانەی سەربازی سەرەکی لە شاری لاهور دەژیـا، بەڵام نەمتوانی بگەمە لای چونکە هەموو رێگاکانی ناوچەی سەربازگەی لاهور داخرابوون و خاڵی پشکنینیان لێ دانرابوو. بەپێی قسەی ئەو سەربازانەی لەو خاڵانەی پشکنین بوون، سەرکردەکانی سوپا زۆر ترسیان لە پەلامارەکانی تاڵیبانی پاکستان هەیە، بەجۆرێك کە ناچاریکردوون پەنا ببەنەبەر داخستنی زۆربەی رێگاکانی گەڕەك و شوێنەکانی لاهور بە شێوەیەکی رۆژانە، بۆ ئـەوەی بتوانن منداڵەکانیان رەوانـەی قوتابخانە بکەن و بە سەلامەتیش بگەڕێنەوە ماڵەکانیان. جگە لەوەش وازییهانهێناوە لە هەڵگرتنی تابلۆی سەربازی بە ئۆتومبێلەکانیانەوە، چونکە درکییان بەوە کردووە کە ئەو تابلۆیانەی هۆکارێکن بۆ سەرنجراکێشانی خۆکوژەکانی بزووتنەوەی تاڵیبانی پاکستان تاوەکو خۆیان بە ئۆتومبیلەکاندا بتەقێننەوە.

دیپلۆماتکارە بەریتانییەکان لە ئیسلام ئاباد لەو بڕوایەدان سوپای پاکستان لە ئێستادا لەو بارە ناسەقامگیرە دەترسێت، کە گروپ و چەکدارە جیهادییەکان دروستیانکردووە، زیاتر لە ترسانیان لە هندستان، ئەوەش فاکتەرێکە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی کردەیی سوپای پاکستان لە بەرامبەر جیهادییەکان. هەروەك جارێکیان فریقی یەکەم (ئەشفەق کیانی) لە وتارێکی گرنگدا لە نیسانی 2013 لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان وتی: «هەڕەشەی تیرۆر و توندڕەوی

گیانی هەزارانی کێشا، لە ئەفسەرو سەربازانی سوپا و هێزەکانی هەورەبروسکە و پۆلیس و پاسەوانی سنور و گەلی بێتاوانی پاکستان. یەکەیەکی بچوك لە رێگەی هەڵگرتنی چەکەوە دەیەوێت ئایدۆلۆژیا شێواوەکەی خۆی بەسەر هەموو نیشتماندا بسەپێنێت، بۆ ئەم مەبەستەشە دژایەتی دەستوری پاکستان و پرۆسە دیموکراسیەکەی دەکات». کیانی لەو وتارەیدا داوای لە چەکدارە هەڵگەڕاوەکان کرد چەك دابنێن و بەبێ مەرج دەستوری دەوڵەتی پاکستان قبوڵ بکەن. ئەمە وایکرد چاودێرانی رەوشی پاکستان وا هەستبکەن کە فەرماندەکانی پێدەچێت هەڵوێستیان لە هەمبەر مەترسییەکانی ستراتیژە دوورمەوداکەیان لە ئەفغانستان گۆڕیوە. فەریقی یەکەم (کیانی) بەمدواییانە بە بەرپرسێکی سەربازی ئەمەریکی پلە باڵای راگەیاندووە، کە تێکچوونی بارودۆخی ئەفغانستان و هەنگاونانی بـەرەو شەڕێکی ناوخۆیی و پاشاگەردانی لە دوای کشانەوەی ئەمەریکییەکان، پێدەچێت بۆ ئەفغانستان زۆر خراپ بێت، بەڵام بەلای پاکستانەوە کارەساتە. ئێستا سوپای پاکستان ترسی هەیە لە ئەگەری گەڕانەوەی بزووتنەوەی تاڵیبان بۆ سەر کورسی دەسەڵات لە کابوڵ، بەو هۆیەشەوە ئەفغانستان ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەندامانی تاڵیبانی پاکستان و گروپە یاخیبووەکانی تریش.

بەردەوامبوونی شەڕو پێکدادانەکان لە نێوان هندستان و پاکستان لەناو ئەفغانستاندا، بە تایبەتی لە دوای کشانەوەی هێوەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، پرسێکی مەترسیدارە بۆ هەموو دەوڵەتانی تری ناوچەکە و جیهانیش، بە دیاریکراویش دوای بڵاوبوونەوەی ئەو راپۆرتەی کە باس لە خواستی پاکستان دەکات بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی تاکتیکی لە پێناو بەکارهێنانی لەسەر زەوی شەڕەکان لە روبەرێکی کەمتر لە (40) میل، بۆ نموونە وەك موشەکی (حەتف 9) کە لەو ماوەیەی دواییدا تاقیکرایەوە.

پێدەچێت پاکستان بەنیاز بێت ئامێری ئەتۆمی بچوکیش تاقیبکاتەوە، کە سودەکانی سنورداره، وەك مینی زەمینی کە بە تایبەت بۆ تێکشکاندنی جۆری گەورەی تانکەکانی هندستان دروستکراوە، کە لەوانەیە بێنە ناو خاکی پاکستان. ئەم گرنگیپێدانەی پاکستان بەو چەکانە و داڕشتنی ئەو سیناریۆیانەی کە نوێترین و پڕ نیگەرانیترین ئامرازەکانی تێدا بەکاردەهێنێت بۆ تیشکخستنە سەر هندستان کە وەك سەرچاوەیەك بۆ هەڕەشەکردن لە بوونی پاکستان دەیبینێت. بەڵام لە راستیدا، ئەوە روونە کە هەڕەشەکردن لە سەروەری و یەکێتی خاکی پاکستان هەرگیز لەلایەن هندستانەوە نییە، بەڵکو رۆژێك لە رۆژان ئەو بابەتە نەبۆتە جێی مشتوومڕ، بەڵکو ئەو هەڕەشەیە لەناو خودی پاکستانەوە هەڵقوڵاوە، بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە کە چەندین ساڵە پەیڕەوی کردووە و دەیکات.

سەبارەت بە هندستانیش، هەڕەشەی راستەقینە لەسەر پێگەو هەژموونی لە ناوچەکەدا لەلایەن پاکستانەوە نییە، بە قەدەر ئەو هەڕەشەیەی لەلایەن هەژدیهاکەی تر درووستی کردووە، کە دەڕوانێتە سەر چیاکانی هیمالایا، واتە (چین) کە لە ئێستادا دەستیگرتووە بەسەر سەرچاوە گرنگەکانی کانزای سروشتی لە ئەفغانستان. لە ساڵی 2008 کۆمەڵەی بەکانزاکردنی چین (پێکهاتووە لە گروپی پیشەسازیە کانزاییەکانی چین کە خاوەندارێتی بۆ حکومەتی چین و دامەزراوەی چیانکسی کۆپەری بازرگانی دەگەڕێتەوە) مافی دەرهێنانی مسی لە کانەکانی دۆڵی (ئیناك) لە ئەفغانستان بۆ ماوەی (30) ساڵ بەدەستهێنا لە بەرامبەر پێدانی (3) ملیار دۆلار. شارەزایان مەزەندەیان کردووە کە ئەو دۆڵە ئەگەری هەیە بە بەهای (100) ملیار دۆلار مسی تیادا بێت، ئەوەش بە دڵنیاییەوە گەورەترین یەدەگی کانزای مس لەسەر ئاستی جیهان پێکدەهێنێت، پێشدەچێت بەها گشتیەکەی بگاتە پێنج ئەوەندەی

بەهای پێشبینیکراوی ئابوری هەموو وڵاتی ئەفغانستان. هەروەها چین کاردەکات لەسەر راهێنانی یەکەمین دەستە لە ئەندامانی پۆلیسی ئەفغانستان، کە لە (300) کەس پێکهاتووە. دەشکرێت بڵێین دەزگای ئاسایشی پاکستان لە ئاست خواستەکانی (چین) دایە، بۆیە ئەگەر چین پرۆسەی وەبەرهێنانی سەرچاوە کانزاییەکانی ئەفغانستان و راکێشانی رێگاوبان و هێڵەکانی شەمەندۆفێر تەواو بکات، کە بەکاردەهێنرێت بۆ دەرهێنانی کانزاکان، بەو شێوەیە لە پاکستانیش چاوەڕواندەکات پارێزگاری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی بکات، ئەگینا بۆی هەیە رێگە بۆ بزووتنەوەی تاڵیبان خۆشبکات ئەو پرۆژانەی چین لە ئەفغانستان پەکبخات. پێدەچێت ئەم پرسە ببێتە هەوێنی ئاشتیەکی ئایندەیی لە ئەفغانستان. بە دڵنیاییەوە هندەکان بە جۆرێك لە رەشبینیەوە دەڕواننە ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانە، بەڵام بەمدواییە لە پەکین دانوستان و وتوێژی نهێنی لە نێوان لێپرسراوانی چین و هندستان بەڕێوەچوو بۆ تاوتوێکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە ئەفغانستان لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە.

زۆرێك هیوایان لەسەر ئەو هەنگاوانە هەڵچنیوە، کە هندستان دەیەوێت هەڵیانبنێت. تا ئێستا روون نییە ئایا حکومەتی هندستان بینینی رۆڵێکی گەورەتر لە ئەفغانستان هەڵدەبژێرێت لە دوای کشانەوە ویلایەتە یەکگرتوەکان یان نا. بەڵام هەندێك لە هەڵۆکان لەناو سوپای هندستان و وەزارەتی دەرەوەی هندستان مشتوومڕی ئەوەیانە وڵاتەکەیان رۆڵێکی زۆر بەهێزتر بگێڕێت لە ئەفغانستاندا، پێشدەچێت رۆڵەکەی سەربازیش بێت، چونکە ئەوە رێگەی بۆ خۆشدەکات ئەو بۆشاییە ئاسایشیە پڕبکاتەوە، کە لە ئەنجامی کشانەوەی ئەمەریکا لەو وڵاتـەدا درووستدەبێت، جگە لەوەش زەمینەی بۆ خۆشدەکات قەبارەی بەرژەوەندیە هەرێمییەکانی

فراوانتر بکات و بکەوێتە ململانێوە لەگەڵ چینییەکاندا لەسەر پێگەو کاریگەری لە ئەفغانستان بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنە پاکستانییەکانی لە هەمانکاتدا. هەندێکی تر لە نیودەلهی مشتومڕی ئەوەیانە، کە لە ڕێگەی وروژاندنی سەرکێشییەکانی پاکستانەوە، هندستان باشتر دەتوانێت ئیسلام ئاباد بترسێنێت و هانیبدات بۆ بەردەوامبوونی لەسەر هێرشکردن و پێشکەشکردنی یارمەتی و هاوکاری زیاتر لە جاران بە بزووتنەوەی تاڵیبان، ئەوەش لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی دروستکردنی مەترسی لەسەر هەریەکە لە هندستان و پاکسان.

پێدەچێت ئەو هەوڵ و تەقەللایانەی (نەواز شەریف) دەیاندات بە مەبەستی ڕاکێشانی دەستی پێکهاتن لەگەڵ هندستان، هەڵوێستی میانڕەوەکان لە نیودەلهی پتەوتر بکات، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتەگۆڕێ سەبارەت بەوەی: ئایا ویستی سیاسی و بوارێك بۆ مانۆڕکردن و ڕوونی لە تێڕوانینی (شەریف)دا هەیە بەو ئاراستەیە؟ ئەوەی دەچێتە خانەی حوکمی دڵنیاییەوە، ئەوەیە کە ئایندەی هەرسێ دەوڵەتی دراوسێ زۆر گەشەدارتر دەبێت لەنێو کۆڵەکەکانی سێگۆشەی گڕگرتوودا، کە پڕیەتی لە بێمتمانەیی و کێبڕکێ و ململانێ، بەڵام کاتێك ئەمە دێتەدی کە هندستان و پاکستان هەڵوێست و تێڕوانینیان لە هەمبەر ئەفغانستان بگۆڕن و درکیش بەو بکەن، کە ناسەقامگیری و خراپی بارودۆخی ئەو وڵاتە هەڕەشەیەکی هاوبەشە بۆ هەردووکیان و پێویستدەکات بە هاوکاریکردنی یەکتری بەرەنگاری ببنەوە، لەجیاتی ئەوەی هەمیشە وەك گۆڕەپانی شەڕو ململانێ، یان لەوەش خراپتر سەیری ئەفغانستان بکەن و کێرڤی ناحەزی و ململانێ تاڵ و دوورو درێژەکانی نێوانیان تێدا بەرزتر بکەنەوە و بیشێوێنن.

## کورتەیەك دەربارەی نوسەر

ولیام داریمبڵ (William Dalrymple)، نوسەری نۆ کتێبە و زۆربەی کتێبەکانی باسی ئەو بابەت و گۆڕانکارییانە دەکەم، کە پەیوەندیدارن بە هندستان و جیهانی ئیسلامیەوە. هەندێك لەو کتێبانەی خەڵاتیان وەرگرتووە، وەك (شاری جنۆکەکان، مەغۆلی سپی، دوایین مەغۆل، نۆ ژیان: لە گەڕان بەدوای پیرۆز لە هندی نوێ). بەمدواییانە لە کۆمەڵەی ئاسیاوی لە نیویۆرك سەرپەرشتی خستنەڕووی گـەورەی هونەری مەغۆلەکانی کردووە. کتێبە تازەکەی بە ناونیشانی (گەڕانەوەی پاشا.. شەڕ لەپێناو ئەفغانستان 1839-1842) کە لەلایەن خانەی ئەلفرێد نۆف بۆ بڵاوکردنەوە لە شوباتی 2013 چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بە شێوەیەکی دەوری وتارو بابەت بۆ رۆژنامەکانی (نیویۆرکەر) و (نیویۆرکەر ریڤیو ئۆف بۆکس) و (گاردیان) دەنوسێت. داریمپڵ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی فێستیڤاڵی (جایبۆر)ی ئەدەبی و بەشدارە لە سەرپەرشتیکردنیدا. دکتۆرای فەخری لە زانکۆکانی (سانت ئەندروز، ئیبردین، برادفۆرد، لاکناو) بەدەستهێناوە و کۆرسی خوێندنی لە زانکۆی (برنستۆن) پێدراوە.

**بۆ زانینی زیاتر دەربارەی کارەکانی سەیری ئەو لینکەی خوارەوە بکە:**

**www.williamdalrymple.uk.com//: https**

**سەرچاوە:**

مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیه.

ص.ب: 4567 – ابوظبی – دوله الامارات العربیه المتحده

E-mail: pubdis@ecssr.ae

Website: http:www.ecssr.ae

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل / مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط / سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |